جامی سوپەری سعودیە... ئەهلی بەلەدانی یەکلاکەرەوە لە نەسری بردەوە و بووە پاڵەوان

لە یاریی کۆتایی جامی سوپەری سعودیە ئەهلی بەلەدانی یەکلاکەرەوە لە نەسری بردەوە و بووە پاڵەوان.

لە یاریی کۆتایی جامی سوپەری سعودیە لە یاریگای هەنگ کۆنگ نەسە و ئەهلی ووبەووی یەکتری بوونەوە.

لەتایمی یەکەمدا یاریەکە هاوسەنگبوو بەجۆرێک گەڕکردن دواکەوت بە خولەکی 41 کاتێک کریستیانۆ رۆنالدۆ توانی بە لەدانی سزا یانەکەی پێش بخات.

ئەهلی گەرانەوە بەناو کەش و هەوای یاریەکە و لە خولەکی شەشی کاتی زیادکراو فرانک کیسە توانی گەیی یەکسانبوونەوە تەماربکات.

سەرئەنجام تایمی یەکەم بەم ئەنجامە واتە بەگەڕێک بە هەرلایەک کۆتایی هات.

لە تایمی دووەمدا یارییەکە هەمان سیناریۆی بەخێوە بینی بەجۆرێک لە خولەکی 82 برێزفیچ توانی دووبارە نەسە پەش بخاتەوە.

یاریزانانی ئەهلی تادواسات بەردەوامبوون لە هەوەدان و بەجۆرێک لە خولەکی 89 رەجەر ئیبانەز توانی یارییەکە بگەرێنێتەوە خاڵی سەرەتا و گۆڵی یەکسانبوون بە یانەکەی تەمار بکات.

سەرئەنجام کاتی ئاسای بە دوو گۆڵ بەهەرلایەک کۆتایی هات و ناوبژیوان بە یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکە پەنا یبردەبەر لەدانە یەکلاکەرەوەکان.

لە لەدانە یەکلاکەرەوەکاندا ئەهلی باشتربوون و توانیان بە پشت بەستن بەتواناکانی مەندی گۆڵپارێز، یارییەکە بە ئەنجامی پەنج بە سێ لەبەرژەوەندی خۆیان یەکلای بکەنەوە ببنە پاڵەوانی سوپەری سعودیە.